## ڕێزدار ماموستا (محسن جوامێر) لە هەر کوێیەک بێت ... عەزیزی مەلا ڕەش

تەما خوازم هیچ تەگەرەیەك لە كۆڕی ژیاندا بەری ملت نەگرێت.
مامۆستا گیان ئەوا نزیكەی دە دوانزە ساڵە ئامانەتێكی منت لەلایە بۆ چاپ كردن بەناوی (وروژانی ئایین) ، رۆمانێكی ئایینییە، كەچی بەداخەوە لەو ماوە دووردرێژە، كەم و زۆر نەك هەر سەوجاسەرێكت نەبووە بگرە چەندین جار تەشریفت هاتووەتەوە شاری هەلێرو خۆتت نیشان نەداوم. ئەمەش داب و نەریتی نووسەرێكی ئایین پەروەر نییە، دڵنیاشبە من لە هەموو شتێك ببوورم لە بەرهەمی قەڵەمەكەم و شەكەتی و شەونخوونی تەمەنی (70) حەفتا ساڵییەوە هەرگیز نابوورم. با لە دڵیشت سەقا بدرێت قەڵەمەكەم جێگەی خۆی لەنێو دڵی خوێنەرانی شارەكەم، بە راستگۆیی كردووەتەوە. وەك ئینزارێك ئەگەر هەتا رۆژی (2006/1/1) ئامانەتەكەم بۆ نەنێریتەوە ناچاردەبم رێگای تر، پاش مێژووی تایەن بگرمەبەر، زۆر چاكیش لە خواستم دەگەیت، پاشە رۆژیش خۆت بەرپرسیت و بەس.

عەزیزی مەلای رەش
هەولێر 2005/9/28
7ی رەزبەری 2705/ كوردی